کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:28 7-11-2007

## وەلامێک بۆ گولالە پشدەری. ... (سایە) چیرۆک

گولاڵەکەم ئەی شاگوڵی بەهارەکەم
چەند ناسکە پەڕەکانت
ئەی کە جوانە ڕەنگەکانت
لە کازیوەی بەرەبەیاندا
شەماڵ دەسرێ شەونمی
سەر گەلا کانت
ئەی کە شەماڵ دڵی خۆشبوو
دەستی ئەدا لە پەڕەکانت
تاقانەکەم تاقە گوڵی وەرزی بەهار
مەرگ وەهمە بۆ تۆی نازدار
ئەی کە جوانی سەر دەر دێنی بە لەنجەو لار
دەبێتە هاوڕێت نێرگزە جاڕ
چونکە ئەتۆی شا گوڵی ناو گوڵ و گوڵزار
گولاڵەکەم پەپولەکان ماچت ئەکەن
بول بولەکان بەدەورتا سەما دەکەن
هەنگە کانیش بۆنت ئەکەن
دارو بەردوو چیمەن و دەشتت
مەرگی ڕەشیش ڕسوا ئەکە ن
هەر ئەمێنێ گولاڵەو بەهار نابڕێتەوە
دەوەرە ئازیز با سەما بکەین پێکەوە
با دەر بێنین ڕیشەی مەرگ لەناخەوە
دەبا بۆ خۆی بتلێتەوە بە داخەوە
من نەم دیوە بەهارو گوڵ مەرگی هەبێت
ساڵ لە دوای ساڵ شێوەی جوانتر لەخۆی دەگرێت
بیر مەکەوە کە تۆ دەمری
ڕیشەو بنجت هەند بە هێزە
هەتا هەتا هەر دەمێنی
هەموو دنیا ئاشقی تۆیە
مەرگ بۆ خۆی ڕەنجە ڕۆیە
بەهارەکان هەر سەوز دەبن
گولاڵەکان هەرگیز نامرن
لە ژێر سایەی درەختەکان
ڕازی ئەشق دەر دەبڕن
هەڵ دەمژن هەوای ژیان
نۆشی دەکەن بە دڵ و گیان
شەقی دەکەن تاریکی شەو
توری دەدەن نەگبەتی و خەو

سایە 5 / 11 / 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.